
سەروتار



ئەحمەد تاقانە

# بنج و بنەوان

لە نووسیندا، وەک لە ژیانیشدا هەر وایە، ئەوەی لە بنج و بنەوان نەگەڕێ و بەرەو هەستێکی مرۆڤانەی بەرفراوانتر هەنگاو هەڵنەهێنێ، نە دەتوانێ رەسەنایەتییەکی دیار لە بەرهەمیدا پیادە بکات و نە لە ژیانیشیدا دەتوانێ هەنگاوی پتەو و پاشەکشەنەزان هەڵبهێنێ..



هەر لەم روانگەیەوە، گەلێک جار لەم قاتوقڕییە رۆشنبیری و هونەرییەی شارە خۆشەویستەکەی خۆمان "کەرکووک"م روانیوە و سەرنجم داوە و تا پێم کراوە کۆشاوم تێیدا رۆبچم و قووڵ ببمەوە، بە ئومێدی ئەوەی بتوانم بەلای کەمەوە شتێکی لەبارەوە تێ بگەم، دا بەڵکو.. بەڵکو بتوانم بەشدارییەکی شایستە لە ژیانی "ئەدەبی و

کۆمەڵایەتی"یدا بکەم..!

لەلایەکەوە وا دیارە ئەو حکوومەت و دەسەڵاتانەی لە کۆنەوە تا ئێستا سێبەری خۆیان خستووەتە سەر هەموو دەمار و ماسوولکەیەکی شارەکە و پێترپە و پێخوست و خورپەی شارەکەیان لە ناو دەنگگەلێکی نامۆ و بیانیدا ون کردووە و هەموو خەمێکیان ئەوە بووە، هەرچی ئاسەواری بنج و بنەوان و رەسەنایەتیی تێدایە لە ناو تەم و بۆچەک و چرەدووکەڵ و بەزەبروزەنگ رۆژگار بەسەربردن و مێژوو لە بیربردنەوەی خەڵکدا بزر بکەن، تا بتوانن دواتر وەکو قورێکی ئەوتۆی لێ بکەن و بیکەنە ئەو پەیکەرەی خۆیان بەدڵیان دەبێ.

هەر لێرەوە دەبینین، شارەکە وەک چێشتی مجێور تێکەڵوپێکەڵ و فرە رەگ و فرە رەگەز خۆی دەنوێنێ، ئەمیان لە ناو دڵی خۆیەوە هەر بە تەنیا خۆی لە شارەکەدا دەبینێ و کەسی تر نا، ئەویان حەز دەکا بچێتە پێستی ئەوی تر و لە خۆی بزر دەبێ و ئەوەی بیەوێ لە رووداو و کارەساتەکان تێ بگا.. یان

**رووداوێکی وەک شەڕی ئەرمەن، لە ئەدەبیاتماندا کە رەنگی داوەتەوە، تەنیا ئەوەیە کە "عەلی بەستێ" ئازایەتیی تێدا نواندووە**

بەدوای مێژوویەکیدا بگەڕێ، دوور نییە هەندێک رستەی پچڕپچڕ و هیچ نەگەیێنی بەهەزار دەردەسەری چنگ بکەوێ.. دەمی پرسیار ئاراستەی مێژوونووس و بیرەوەری و یاداشتنووسان دەکات و دەپرسێ کوا لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئەو سەدەی بیستەی کە بەسەرچوو.. کوا رەنگدانەوەی جەنگی یەکەم و هاتنی داگیرکەری ئینگلیز و شکستخواردنی داگیرکەری عوسمانی؟! کوا کاریگەریی ئەو شەڕەی بە هەڵە یان بە ئەنقەست ناوی شەڕی ئەرمەنیی لێ نرابوو، ئەی جەنگی دووەمی جیهانی؟ ئەی کارەساتی گاورباغی؟ ئەی کارەساتی ٥٩؟ و هەزار و یەک رووداو و بەسەرهاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە کاریگەرییان بەسەر دانیشتووانی شارەکەدا بووە؟ لە ناخی دەروون و نەستی گشتیی کۆمەڵدا جێگیر بوون… لە چەند لاپەڕەیەک - کە ئەمانەش بەسەرپێییەوە نووسراونەتەوە - بەولاوە

چیی دیکەمان هەیە؟!

ببوورن! لەوانەیە بڵێن تۆ باسی نووسینی ئەدەبی دەکەی «کە ئەم کۆواری نەوشـەفـەق» ە نازدارە کـۆوارێکـی ئەدەبییـە؟! یان خـۆت وەکـو سـیـاسـی و کۆمەڵناس دەنوێنی.. بەڵێ برا..

بمانەوێ و نەمانەوێ و سەر بە چ قوتابخانە و ڕێبازێکی ئەدەبی بین، ئەو باسـانە دەبنە بنەمـا و بنـج و بنەوانی هەمـوو نـووسـینێکی ئـەدەبیـمـان، لە دەروونی هـەست و نەسـتـیـشـمـاندا جـێگیـر دەبن و ئەوجـا لە بەرهـەمی داهێنراودا، هـەر چ چەشنێک بێت ڕەنگ دەداتەوە!! هەمـــوو دابڕانێکیش دابڕانی دیکەی بەدوودا دێت..

دووبارە داوای لێـبـوردن دەکـەمـەوە و.. دەمـەوێ بڵـێم: نەوەکـو وابزانن ئاگـەداری ئەو بەرهـەمـە ئـەدەبییـانە نیم کـە لایەکی ئەو ڕووداوانەیان تێدا ڕەنگی داوەتەوە.. هەر بۆ نموونە دەڵێم، ڕووداوێکی وەک شـەڕی ئەرمەن، لە ئەدەبیاتماندا کە ڕەنگی داوەتەوە، تەنیا ئەوەیە کە "عەلی بەستێ" ئازایەتیی تێدا نواندووە. یانیش ڕووداوەکانی ٥٩ سـەرەڕای ئەو هەموو بەکارهێنانە ناڕەوا و نـامـرۆڤـانەیەی ئەو کـارەسـاتـانە دژی کـورد و بەسـەر کـورددا شکاندنەوەیان، ڕۆمـاننووسێکی کـوردیش هاتووە و لە جـیـاتی بەرگـری "لەخـۆی !!"، کەسـایەتییـەکی خـوڵقـاندووە و لەسـەر پردەکەی ڕاگـرتووە و کەسـانی نەتەوەی تری پێ سەربڕیون!! ئافەرین لەو شیکردنەوە و لێکدانەوە ژیرانەیە!!

بۆیە جـارێکی تر دەگـەڕێمـەوە و دەڵێم: چونکە لە بنـج و بنەوانی خـۆمـان نەگـەیشـتـووین، یان بـا بڵێم دووریـان خـسـتـووینـەتەوە.. دەبێ و پێـویسـتـە سەرلەنوێ خۆمان بدۆزینەوە!!

ئەمەش تەنیا کاری ئەدیب و داهێنەری ئەدەبی نییە و بەس.. ئەدی ئەوانی تر کوان؟!